# بۆ ئەوانەی لەسلێمانی بیّ ئیشن!

**نورەدین سەعید وەیسی**
nuradinwaisi@hotmail.com

ئەگەرچی یەکەم جارم نییە دێمە سلێمانی، بەلاّم چونکە ماوەیەکی زۆرە نەهاتوومەتە ئەو شارە، وەك ئەوە وابوو یەکەم جارم بێت، وەلیّ . ئەگەر تەنها بۆ یەك رۆژیش لەسلێمانی بمێنییەوە هەست بەوە دەکەی کە شارێکە ئەگەرچی لەڕووی بیناسازیو رێگاوبانەوە پیر دیارە، بەلاّم خەڵکەکەی هەوڵدەدەن گەنجانە بژین.

کە لەگفتوگۆیەکدا بەکاك مەلا بەختیارم وت: تۆ پیاوێکی توندڕەوی. بەلامەوە سەیربوو تووڕە نەبوو، بەڵکو بەبزەیەکەوە پێی وتم: ئەوەی تۆ بەتوندڕەوی دەبینیت بەلای منەوە شتی مەبدەئین، هەر بۆیەش لەدڵەوە هیوام خواست کەئیدی بەرپرسەکانی ئێمەش لانی کەم وەکو بەرپرسە کوێتیو لوبنانییەکان (ناڵێم رۆژئاواییەکان) بەزمانی گفتوگۆو دوور لەهەڕەشەو چاوسوور کردنەوە وەلاّمی رەخنەو گازاندەی خەڵك بدەنەوە.

من هەر وامدەزانی ماشێنی (لەیلا عەلوی)و (مۆنیکا) مارکەی موسەجەلەی هەولێرو دهۆکن، بەلاّم خۆشبەختانە لەسلێمانیش لەبینینیان بێبەش نەبووم!

ئەوەی بەلای منەوە لەسلێمانی مایەی سەرنج بوو، شالاّوی بەسەوز کردنی شارەکەبوو، کەلانی کەم دەکرێت بڵێم، موبالەغەیەکی زۆری پێوە دیاربوو، چونکە بۆ هەرلایەك دەڕۆیت رەنگی سەوز لەبەردەمتدا خۆی قیت دەکاتەوە، هەر لەبینایەو تابلۆی سەر بارەگا حزبیو حکومییەکانەوە بگرە تا شۆستەو عەمودە کارەباییەکانەوە، تەنانەت بینایەی هەندێك لەنەخۆشخانەکانیش بۆ دەرمان خەتێکی سەوزیان هەر تێدایە.

شاعیرێکی عەرەب دەمێکە وتویەتی:"ثلاثة یذهبن الحزن، الماء والخضراء والوجه الحسن". من نەمپرسی لەسلێمانی ئاو زۆرە یان کەم (هەر چەندە بەپێی دوکان بێت، ئەمسالّ نابێت لەم ڕووەوە کەمو کورتی هەبێت)، بەلاًم بۆ دووەکەی تر عەرەب وتەنی:"فحدث ولاحرج"، کە بێگومان ئەگەر (الوجه الحسن) نەبووایە، سەردانەکەم لەڕۆژێك پتری نەدەخایاند!

من لەبری ئەو رۆژە خۆشانەی لەسلێمانی بەسەرم بردن، هیچم لەدەست نایێ تەنها ئەوەندە نەبێت، کە بەخۆڕایی ئیشێك بۆ گەنجە بێکارەکانی سلێمانی پێشنیار بکەم، کە دڵنیام خێری دەبێت و لەبیّ ئیشییەکەیان باشترە، ئەویش فرۆشتنی بۆیاغی سەوزە، کە بێگومان مایەکەیان بەهێندێك قازانجیشەوە دەردەهێنێت، بەتایبەتیش چونکە لەسلێمانی مەسرەف گرانەو باشترین بەڵگەشم ئەوەیە، کەپێش ئەوەی دەست لەهەر تاکسیەك رابگری، دەبیّ فاتیحایەکی خەمگین بۆ گیانی دە دینارییەکی چاوشین بخوێنی!

**کوردستان نێت:**

ئەم وتارە لە لاپەڕەی ئازادی ڕۆژنامەی کوردستانی نویّ 2002/8/8 بلاّوکراوەتەوە. لەسەر خواستی کاك نورەدین بۆ خوێنەرانی کوردستان نێت دووبارە بلاّوی دەکەینەوە.

www.kurdistannet.org